# ﴿ ئابووری پیشەسازی ﴾

## بەشی یەکەم / چەمك ومێژووی پیشەسازی

- پێشەکی ...

ئاســـتی پێشـــکەوتنی پیشەســـازی بـــە پێـــوەرێکی ســـەرەکی و یەکلاکـــەرەوە دادەنرێـــت بـــۆ دیـــاریکردنی ئاســـتی پێشـــکەوتنی ئـــابووری و کۆمەلایـــەتی و شارســـتانی هـــەر نەتەوەیـــەك وە ئـــەو پێشـــکەوتنەی پیشەســـازی بـــە خۆیـــەوە بینیـــوە ســـەردەمێکی نـــویێ ی تۆمـــار کـــردووە لـــە مێـــژووی مرۆڤایـــەتی وە ئـــەو گۆڕانکاریـــە ئـــابووری و کۆمەلایەتیـــە خێرایـــەی وڵاتـــانی ئـــەوروپایی رۆژئـــاوا و یابـــان ووڵاتـــانی تـــری پێشـــکەوتووی جیهـــان بـــە خۆیانـــەوە بینیـــوە کـــە نـــاو دەبرێـــت بـــە ووڵاتـــانی پیشەســـازی هۆکارەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پێشـــکەوتنی پیشەســـازی وە پیشەســـازی جیـــا لـــە کەرتـــە ئابووریـــەکانی تـــری کـــالاَو خزمـــەت گـــوزاری پیشەســـازی بەرهـــەم دەهێنێـــت ، وە هـــەروەها ئـــەم کەرتـــە لـــە ووڵاتـــانی رۆژئـــاوای پێشـــکەوتوو بـــە گـــەورەترین و فـــراوانترین کـــەرت دادەنرێـــت لـــە بەرهـــەم هێنـــانی زۆرتـــرین بەشـــی داهـــاتی نەتـــەوەیی وە گـــەورەترین پشـــکی هەیـــە لـــە بەرهـــەم هێنـــانی کـــالاَ و خزمـــەت گـــوزاری بـــەکارهێنان و بەرهـــەم هێنـــان ، بۆیـــە ئـــەم کەرتـــە پێگەیـــەکی پێشـــەوای هەیـــە لـــە کـــۆی هـــەموو چـــالاکیە ئابووریـــەکان و بەرهـــەم داریـــەکانی ئـــەم ووڵاتانـــە ، وە لـــە بازرگـــانی نێـــو دەوڵـــەتیش دا کـــالاَ و خزمـــەت گوزاریـــە پیشەســـازیەکان زۆرتـــرین پشـــکیان هەیـــە لـــە بازرگـــانی کردنـــی هـــاوردە و هـــەناردەی نێـــوان ووڵاتـــان ، وە پێشـــکەوتنی ئـــەم کەرتـــە دەبێتـــە هـــۆی باشـــبوونی ئاســـتی بـــژێوی و گەشـــەکردنی تێکـــڕای داهـــاتی تاکەکەســـی کـــە ڕەنگدانـــەوەی باشـــی هەیـــە لەســـەر کەرتـــە ئابووریـــەکانی تـــر لـــە ئـــەنجانی پرۆســـەی دروســـت کـــردن لـــە هـــەموو کەرتـــەکان وە زیـــادبوونی بەرهـــەم داریـــەکان وە لـــەم ڕوانگەیـــەوە دەتـــوانین بڵـــێین کـــە پیشەســـازی بـــە تایبـــەتی پیشەســـازی گـــۆڕین ڕۆلێکـــی پێشـــەوا دەبینێـــت لـــە پێشخســـتنی کەرتـــە ئابووریـــەکانی تـــر وە خێـــرا کردنـــی گەشـــەی هـــەموو چـــالاکیە ئابووریـــە بەرهـــەم داریـــەکان لـــە ووڵاتـــانی پێشـــکەوتوو ، وە ئـــەوەی ئەم بۆچوونە پشتراست دەکات ئەمانەن: –

1 - پشكی پیشەسازی گۆرین زیاتر لە 50٪ لە كۆی بەرهەمی پیشەسازی وە نزیكەی 25٪ داهاتی نەتەوەیی پێكدەهێنیت لە كۆی بەرهەمی ناوخۆی ووڵاتانی پیشەسازی ئەمەش گەورەیی گەشەی پیشەسازی دەگەیەنێت.

2- زۆربەی بەكاربردنی تاكەكەس بۆتە بەرهەمی پیشەسازی گۆرین ئەمەش ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەو پشتبەستنە گەورەیەی بەكاربەر بۆ پیشەسازی كە بە بەردەوامی ڕێژەی بەشداربوونی زیاددەبێت لە بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی بەكاربەر .

3- پیشەسازی بۆتە سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ پاشەكەوت كردن و وەبەرهێنان و گەشەی گشتی ، چونكە گەورەترین پشكی هەیە لە داهاتی نەتەوەیی .

4- زۆرترین دەستكەوتەكانی فاكتەرەكانی بەرهەم هێنان لە بەرهەمی پیشەسازیەوە دێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم كەرتە پێگەیەكی پێشەوای هەیە لە دروست كردنی داهات و بەرهەم هێنان .

- **چەمكی پیشەسازی :-**

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر كراوە بۆ چەمك و پێناسەی پیشەسازی لە لایەن شارەزایانی ئەم بوارە قوتابخانەی فیكری جۆراو جۆر ، هۆكاری ئەم جیاوازیە دەگەرێتەوە بۆ مەبەستی پێناسەكە وە سروشتی چالاكی وەبەرهێنان تیایا.بڵاوترین پێناسەش ئەمانەن: -

1- چالاكیەكی كۆمەڵایەتی هەرەوەزیە ئەنجام دەدرێت لە پرۆسەی دەرهێنانی كەرستە خاوەكان یان هاوردە كردنی دواتر گۆڕینی بۆ كاڵای بەرهەم هێناو و بەكارهێنانی جیاواز.

2- گۆرینی بە بەردەوامی كەرەستە سەرەتاییەكان بۆ بەرهەمێك كە گواستنەوەی ئاسان بێت وە زیادبوونی بەشداری چالاكیە پیشەسازیەكان لە پێكهاتەی بەرهەمی نیشتمانی .

3- پیشەسازی یەكەیەكی سەرەكی و گەورەیە لە ئابووری نەتەوەیی كە پێكهاتووە لە ژمارەیەك لق و پرۆژەكانی پیشەسازی كە بەردەوام لە زیادبووندایە وە كەرەستەی خاو دەردەهێنێت لە سروست و دەیگۆرێت بۆ كاڵای ماددەی وزە كە شیاو بێت بۆ بەكاربردنی كەسی وە بۆ خزمەت گوزاری پیشەسازی كە ئامانجی پارێزگاری كردنە لە بەهای بەكارهێنانی كاڵاكان یان گەڕانەوەی بەهایان كەواتە كەرتی پیشەسازی پێكهاتووە لە كۆمەڵە لقێك وە پرۆژەیەك كە سێ چالاكی لە خۆ دەگرێت ، ئەمانەن:

أ- دەرهێنانی کەرستەی خاوی هەبوو لە سروست چ کانزایی بێت یاخود ناکانزایی لەسەر زەوی یاخود لە ناخی زەوی وە ناو دەبردرێت بە (پیشەسازیەکانی دەرهێنان).

ب- چارەسەرکردنی ئەو کەرستە دەرهێنراوانەی سروشت لە تەك کەرەستەی کشتوکاڵی بەرهەم هێنراو لە کەرتی کشتوکاڵ کە دەچێتە کەرتی پیشەسازی وە گۆرینی بۆ کاڵای پیشەسازی کە ناودەبرێت بە (پیشەسازیەکانی گۆرین).

ت- بەرهەم هێنانی یاخود دابین کردنی خزمەتگوزاری پیشەسازی بۆ بەردەوام بوون وە چاککردنەوەی ئامێر و کەرەستەکان وە کاڵای بنیاتنەر و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

- **سەرهەڵدانی پیشەسازی : -**

سەرهەڵدان و پیشکەوتنی پیشەسازی تا ئەو ئاستە بەرزەی ئێستا دەگەرێتەوە بۆ مێژووی دوور و درێژ کە سەرەتاکەی لە کۆمەڵگای سەرەتاییەوە دەستی پێکردووە پیششەسازی دەتوانین بڵێین بەم قۆناغە مێژوویانەی خوارەوە تێپەریوە ، کە ئەمانەن: -

1. قۆناغی پیشەسازی ماڵی (HOME OR HOUSHOLD INDUSTRY) :-

پیشەسازی لە سەرەتا ناسراوە بە شێوەیەك لە شێوەکانی چالاکی ماڵی کە خێزان ئەنجامی دەدات چنین و دوورینی جلوبەرگ و دروست کردنی پێداویستی خۆراك لێنان وە پێداویستەکانی کارکردن و هتد...، وە ئامانج لە دابین کردنی هەموو ئەمانە بۆ پێداویستی خێزان بووە ، بێ ئەوەی هیچ بەشێکی لێ تەرخان بکرێت بۆ بازرگانی یان بەدەستهێنانی قازانج ، چونکە بەرهەم کەم بووە و تەنها بەشی تاکەکانی خێزانی دەکرد ، ئەم جۆرە شێوازە بەردەوام بوو تا گۆراوە و بووە بە دەرامەتێکی سەرەکی خێزان .

2. قۆناغی پیشەگەری (HANDCRAFT INDUSTRY) : -

ئەم قوناغە تەواوکەری قۆناغی پیشەسازی ماڵی یە کە هەندێك لە بەرهەم هێنە ماڵیەکان بوون بە بازرگان و پیشەگەر لە شوێنەکانیان ، وەکو ئاسنگەر ، دارتاش ، ئەوانەی چنینیان دەکردو هتد...زۆربەی بەرهەمی ئەم پیشەگەرانە بۆ بازار بووە نەك پێداویستی خێزانەکەیان لە سەرەتا بە پێی ڕاسپاردەی بەکاربەر بە کەرەستەی خۆی شتومەکیان دروست دەکرد بەڵام دواتر بە بێ ڕاسپاردە بەکاربەر شتومەکیان دروست دەکرد پاش زیادبوونی خواستی بازار وە زانیاری وە شارەزاییان لە بواری ئیشەکەیاندا.

3. **قۆناغی هاریکاری سەرمایەداری ساکار**(SIMPLE CAPITAL COOPERATION):-

**ئەم جۆرەیان دادەنرێت بە یەکەم شێوەی بەرهەم هێنامی پیشەسازی سەرمایەداری لەم قۆناغەدا ئیش کردن گوازرایەوە بۆ شوێنی دیاری کراو (محل) کە چەند پیشەگەرێك لە بوارێك دا یان لە بواری جیاوازدا کۆ دەکرانەوە لە ژێر چاودێری خاوەن کارێك یان پیشە گەرێکی بە توانا لەڕووی ئابووریەوە بۆ بەرهەم هێنانی هەمان کالاّ کە پێشتر بەرهەمیان دەهێنا بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو کە لەسەری پێك دەهاتن، ئەمەش کاریگەرێکی زۆری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی تێچوونی بەرهەم هێنان لەبەر بوونی ڕکابەری لە نێوان کرێکارەکان وە ئاسانی چاودێریکردنیان لە لایەن خاوەن کار بەمەش بەرهەمداریان زیاتر بووە، لەگەڵ ئەمانەش سوودی ئەم قۆناغە دیاریکراو بوو لەبەر نەبوونی سیستەمی دابەشکردنی کار.**

4. **قۆناغی مانیفاکتۆرە** (MANUFACTORY):-

**لەم قۆناغەدا شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ڕێکخستنێکی بنەرەتی بە خۆیەوە بینی ، مێژووی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (16) وە بەردەوام بوو تا سەرەتای سەدەی (18)، لەم قۆناغە خاوەن کار ژمارەیەکی زۆری کرێکاری کۆدەکردەوە لە چەند شوێنی دیارکراو بۆ کارکردن وە لەژێر چاودێری خۆی وە بە بەکارهێنانی کەرستەی ساکار وە لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار بۆ پرۆسەی بچووك کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر زیادبوونی بەرهەمداری کرێکار.**

5. **قۆناغی پیشەسازی ئامێری**(MACHINE INDUSTRY) :-

**ئەم قۆناغە دوای شۆڕشی پیشەسازی دەستی پێکرد ، ئەویش بە بەکارهێنانی چەندین ئامێرو ئامرازی کارکردنی نوێ کە یەکەم جار بە هێزی سروشتی کاری دەکرد (ئاو و هەوا) دواتر بە هێزی هەڵم و دواتریش بە وزەی کارەبا ، لە قۆناغەدا پیشەسازی گواسترایەوە لە جۆری سووك بۆ جۆری قورس ، چەندین هۆکاری جۆراوجۆر هاندەر بوون بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە پیشەسازیانە لەوانە (فراوان بوونی بازارو خواست ، گەشەی ئابووری داهاتی نەتەوەیی، پێشکەوتنی وەبەرهێنان و داهێنان، دۆزینەوەی جوگرافی و دەست گرتن بەسەر بەسەر ڕژێمی دەرەبەگی و نەهێشتنی ئەو کۆتانەی سەپاندرابوو بەسەر ئازادی تاکە کەسی کرێکاران، وە داگیرکردنی چەندین وڵات کە بوو بوونە بازارێکی نێو دەوڵەتی بۆ بەرهەمەکانی سەرمایەداری لە قۆناغەدا پرۆسەی دروست کردن هاتە کایەوە .**

- **تاییەتمەندیەکانی پیشەسازی ( خصائص الصناعة ): -**

**پیشەسازی چەند خاسیەتێکی هەیە جیا لە کەرتە ئابووریەکانی تر کە وای لێکردووە ڕۆلێکی پێشەوا ببینێت لە ئابووری نیشتمانیدا کە ئەمانەن :-**

1- **پیشەسازی تاکە کەرتە کە بەشێکی گرنگ لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان (کالاَ سەرمایەداریەکان) بەرهەم دەهێنێت کە پێویستن بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازی بە هەموو لقەکانیەوە وە بۆ کەرتەکانی تریش .**

2- **پیشەسازی تاکە کەرتە کە دەتوانێت خولی بەرهەمهێنان تەواو بکات لەناو کەرتەکەی خۆی بە پێچەوانەی کەرتەکانی تر، واتا نوێبوونەوە و فراوان بوونی تیادا دەبێت ئەگەر پەیوەندی پاشەکی کەرتیشی نەبێت، چونکە خۆی بەرهەم هێنی کالاَی وەبەرهێنان و بەکارهێنانە، واتە پێداویستی بۆ خۆی و کەرتەکانی تر دابین دەکات .**

3- **پیشەسازی لە کاتی ئێستادا بەشێکی گرنگ لە کالاَی بەکارهێنان بەرهەم دەهێنێت کە زۆرترین خەرجیەکانی ڕۆژانەی تاك دەبات، ئەمەش ڕۆلی گرنگی ئەو کەرتە نیشان دەدات لە پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری و بژێویی و خۆشگوزەرانی تاك و کۆمەلگا .**

4- **پیشەسازی لە کاتی ئێستادا پەیوەندیەکی کەرتی (پێشەکی و پاشەکی) فراوانی هەیە لە پێشخستنی پیشەسازی ناوخۆ و نێو دەوڵەتی، کەواتە بۆتە زیادبوونی سەرچاوەی بەرهەمداری بەش و کەرتەکانی تر و گەشەپێدانیان چ لە جۆری یان بڕی .**

5- **توانایەکی بێ سنوری هەیە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێرا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمەجۆری چالاکیەکانی و بەرهەمەکانی، جگە لەمانە پیشەسازی پێویستی بە ڕووبەرێکی کەمتری زەوی هەیە بە بەراورد کردن لەگەڵ کشتوکاڵدا یان گواستنەوە.**

6- **ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لە بڕ و جۆری کالاَ پیشەسازیە نوێیەکان دەبێت کە ناتوانرێت بە بەروبومە کشتوکاڵیەکان بەراوورد بکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و داهێنان و وەبەرهێنانی زیاتر بەهۆی ڕکابەری زۆر و زیادبوونی پێداویستی هاوڵاتیان .**

7- **بە هۆی ئەو تێکڕا بەرزەی لە پیشەسازی بەدی دەکرێت بۆ بەهای خستنە سەر کە هەلی دروست بونێکی بێ کۆتا بۆ گەشەی بەرهەمی ناوخۆ و دواتر پاشەکەوت و کەڵەکە بوونی سەرمایە و دواتر وەبەرهێنان دەرەخسێنێت، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە نادیاری کراوەی بەرهەمی پیشەسازی چ جۆر یان بڕی .**

8- توانایەکی فراوانی هەیە بۆ بەکارخستن، بەمەش هەلی کاری زیاتر دەرەخسێنێت وە هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ کەم کردنەوەی کێشەی بێکاری وە چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی تر.

9- توانای بەرهەمداری پیشەسازی گەشە دەکات بە تێکڕاییەکی خێراتر لە گەشەی وەبەرهێنانی پێویست بۆ بنیاتنانی، بەمەش بەشی داخوران یان تێچوونی جێگیر لە تێکڕای تێچوون کەم دەکاتەوە وە بەرهەم زیاتر دەکات، وە بە هەمان شێوە تێچوونی گۆڕاویش کەم دەبێتەوە بە هۆی هێنانی کەرستەی پیشەسازی کە نرخی بەردەوام لە کەم بووندایە .

- **جیاوازی ئابووری و هونەری پیشەسازی لە کەرتە ئابووریەکانی تر : -**

پیشەسازی چەند تایبەتمەندیەکی (مميزات) هەیە بە بەراورد کردن لەگەڵ خاسیەتەکانی کەرتەکانی تر کە ئەمانەن :-

1- جیاوازە لەگەڵ کەرتی کشتوکاڵ چونکە کەرتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بارودۆخی کەش و هەوای سروشتی دەبەستێت، وە بەرهەمەکەی پێویستی بە ماوەیەك هەیە بۆ ڕوان وە سیفەتێکی وەرزی هەیە کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خولەکانی بەرهەم هێنان کە لە دوو خول تێناپەڕێ لە ساڵێکدا لەگەڵ درێژی هەر خولێك، بەڵام پیشەسازی ئەم بارودۆخانە زۆر کاریگەری نیە لەسەری .

2- پیشەسازی لەگەڵ کشتوکاڵدا جیاوازە لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و کاتی بەرهەم هێنان، چونکە پرۆسە و کاتی بەرهەم هێنان وەکو یەك نین لە کشتوکاڵدا، بەڵکو کاتی بەرهەم هێنان زیاترە لە پرۆسەس بەرهەم هێنان، بەڵام کات و پرۆسەی بەرهەم هێنان لە پیشەسازی وەکو یەکن .

3- پیشەسازی بەرهەمی هەمەجۆر بەرهەم دەهێنێت چ بەرهەم هێنان یان بەکارهێنان بێت، بەلاَم کشتوکاڵ زۆربەی بەرهەمەکانی کالاَی بەکارهێنانە.

4- پیشەسازی لەگەڵ گواستنەوەدا جیاوازە چونکە بەهای ماددی لەوەی دووەمیاندا بەرهەم نایەت بەڵکو خزمەتگوزاریە و بەکاردەهێنرێت لە کاتی بەرهەم هێنانی، جگە لەمانە هۆکارەکانی گواستنەوە دەگوێزرێتەوە بەلاَم لە پیشەسازیدا جێگیرە (جگە لە هەندێك پیشەسازی دەرهێنان و خزمەتگوزاری).

5- پیشەسازی لەگەڵ بینادا جیاوازە چونکە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لە پیشەسازیدا جێگیرە، بەڵام لەوەی تریان دەگوازرێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر.

6- پیشەسازی لەگەڵ بازرگانیدا جیاوازە لە ڕووی چالاکیانەوە چونکە چالاکی پیشەسازی بەرهەم هێنانە بەلاّم لە بازرگانی ئاڵوێرە کە تەواوکەری یاخود درێژکراوەیە بۆ بەرهەم هێنان وە هەروەها بازرگانی بەهای ماددی یان کالاّ بەرهەم ناهێنێت بەڵکو تەنها یارمەتی گواستنەوەی خاوەنداریەتیە لە دەستێك بۆ دەستێکی تر .

- **ئەو مەرجانەی پێویستە بەدی بێت بۆ ئەوەی وولاّت ببێت بە وولاّتێکی پیشەسازی: -**

1- دەبێت چارەکی بەرهەمی ناوخۆی (کەمترین ڕادە) لە کەرتی پیشەسازی یەوە بێت.

2- دەبێت ڕێژەیەکی دیاری کراو لە بەرهەمی پیشەسازی (بۆ نمونە 60٪) دەبێت لە پیشەسازی گۆرینەوە بێت بۆ ئەوەی ئەو وولاّتانەی لێ دوور بخرێتەوە کە زۆربەی چالاکی پیشەسازیان لە پیشەسازی دەرهێنانەوە ئەنجام دەدرێت .

3- دەبێت ڕێژەی هێزی کار (10٪ وەکو کەمترین ڕادە) لە کەرتی پیشەسازی ئیش بکەن.

- **چەمکی ئابووری پیشەسازی و گرنگیەکەی: -**

ئابووری پیشەسازی لقێکی ئابووری کەرتی یە کە لە تیۆری ئابووری چەمك و یاساکانی ئەو زانیاریانەی گشتی و تایبەتن وەردەگیرێت وە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی لە بواری پیشەسازیدا یاخود بە شێوەیەکی تر کە گشتگیرترە **پێناسە دەکرێت**."لقێکی ئابووریە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە وە شیکردنەوە وە ڕوونکردنەوە وە وەسف کردنی ئەو کێشە ئابووریانە کە لە کەرتی پیشەسازیدا هەیە وە هەروەها پەیوەندیەکان وە یاسا ئابوریەکانی کە پەیوەندیان بە دیاردە ئابووریە پیشەسازیەکان هەیە و پێشبینی چۆنیەتی بۆ داهاتووی دەکات .

- **گرنگی ئابووری پیشەسازی :-**

گرنگی ئابووری پیشەسازی لەوەیا دەردەکەوێت کە بە ووردی بە تایبەتی کێشەو پەیوەندیەکانی کەرتی پیشەسازی و بەشەکانی دەگرێتە خۆی بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتووی پێشکەوتنی لەسەر بنەمایەکی زانستی کە زۆرترین بەرهەم لە ڕووی بڕو جۆرەوە بەدی بهێنێت وە دڵنیا کردنی گەشەی بە تێکڕاییەکی خێرا و بە شێوەیەکی هاوتا بۆ بەرهەمی پیشەسازی، کە وای لێبکات ڕۆڵێکی پێشەوای هەبێت لە ئابووری نیشتمانی وە زیادکردنی ڕێژەی لە کۆی بەرهەمی گشتی و بە شێوەیەکی بەردەوام و گۆڕینی وولاّت لە وولاّتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بۆ وولاّتێکی پیشەسازی- کشتوکاڵی پێشکەوتوو وە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاولاّتیان و تێرکردنی پێداویستیەکانیان بە بەردەوامی.

**پرۆژەی پیشەسازی INDUSTRIAL FIRM**

## پرۆژەی پیشەسازی و گرنگیەکەی: -

پێناسەی پرۆژەی پیشەسازی" بڕیارێکی وەبەرهێنانە ئامانجی دروست کردنی توانای بەرهەمداریە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەرامەتی ماددی و مرۆیی و دارایی لە پرۆسەی بەرهەم هێنان کە ئامانجی گۆڕینی شێوەی یان حالەتی ماددەکەیە کە بابەتی پیشەسازییەکەیە، بە شێوەیەك کە توانایەکی زیاتری هەبێت بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی .

## گرنگی پرۆژەی پیشەسازی: -

گرنگی ئەو پرۆژانە لەوەدا دێت چونکە یەکەی بەرهەم هێنان سەرەکین کە دەتوانن کەرستەی خاو بگۆرن بۆ شتومەك و خزمەتگوزاری بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی بەکارهێنان و بەرهەم هێنان بە بەردەوام لە زیادبوونایە. کەواتـــــە سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ داهاتی نیشتمانی و قازانج و پاشەکەوت، وە بە گەشەسەندنی ئەو پرۆژانە لە ڕووی برو جۆرەوە داهاتی نەتەوەیی زیاد دەکات بە بەردەوامی، جگە لەمە یەکەی سەرەکین بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشەی ئابووری سەرەکی .

## ئامانجی پرۆژە پیشەسازیەکان : -

دەتوانین ئامانجی پرۆژە پیشەسازیەکان بریتین لەمانەی خوارەوە: -

1- ئامانجە ئابووریەکان، ئەمانەن :-

أ- زیادبوونی بەرهەم شتومەکی و خزمەتگوزاری و هەمەجۆرکردنی.

ب- دابین کردنی هەلی نوێ بۆ بەکارخستنی زیاتری هێزی کار و کەم کردنەوەی بێکاری و نەهێشتنی .

ت- بەکارهێنانی دەرامەتی ناوخۆیی و دروست کردن.

پ- بەکارهێنانی دەرامەت بە باشترین و لێهاتووترین شێوە .

ج- زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی بە بەردەوامی بە تێکرایەکی زیاتری لە تێکرای زیادبوونی دانیشتوان .

ح- زیادبوونی هەناردە کردن بۆ کەم کردنەوەی هاوردەکردن.

خ- هەمەجۆر کردنی بەرهەم لە ڕێگەی دامەزراندنی پیشەسازی تەواوکەر .

د- زیادکردنی قازانج و بەدیهێنانی وەبەرهێنانی نوێ.

ژ- پێشخستنی کەرتە ئابووریەکانی تر و دابین کردنی پێداویستیەکانی .

ر- چاکردنی نارێکی پەیکەری ئابووری و تەرازووی بازرگانی .

2- ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان :-

أ- زیادکردنی بواری بەکارخستن وەکو ئامانجێکی کۆمەڵایەتی .

ب- پەرەپێدانی ئەو هەرێم و شوێنانەی کە دووا کەوتوون .

ت- دروست کردنی کۆمەلگای نیشتەجێ بوون لە ڕێگەی کۆمەلگای پیشەسازی و کشتوکاڵی .

پ- دابین کردنی شت و مەك و خزمەت گوزاری بۆ هاولاّتیان بە کەمترین تێچوون .

ج- دابەشکردن و دووبارە دابەش کردنی داهات .

ح- زیادکردنی بەرهەمداری بۆ کەم کردنەوەی هەفتەی کارکردن و زیادکردنی ماوەی حەسانەوە .

3- ئامانجی سیاسی و بەرگری :-

أ- پتەوکردنی سەربەخۆی سیاسی .

ب- دروست کردنی هۆکارەکانی بەرگری کردن لە نیشتمان .

4- ئامانجە هونەریەکان : -


أ- گواستنەوەو گونجاندنی تەکنەلۆجیای هاوردە .

ب- توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت بۆ دروست کردنی شتومەك و خزمەتگوزاری و دەرامەتی نوێ .

ت- دروست کردنی تەکنەلۆجیایەکی گونجاو بۆ پێشخستنی ئابووری وولاّت .

پ- بە ئامێرکردنی هەموو بوارەکانی ئابووری نیشتمانی.

## بەشی دووەم / دابـەشكردنی پیشـەسـازی بە پێی خـاوەنداریەتی




- **كەرتی تایبەت / ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: -**

- **<u>خاوەنداریەتی تاك:-</u>** لەم جۆرە شێوە ڕێكخستنەدا یەك كەس خاوەنی دامەزراوەكەیە، لەوانەیە چەند كەسێك ئیشی بۆ بكەن بەلاّم ئەو كەسانە بەرامبەر كارەكەیان كرێ وەردەگرن لە لایەن خاوەن پرۆژەكە، لەوانەیشە چەند كەسێك لە خێزانەكەی خۆی بێت بەلاّم پشكیان لە پرۆژەكە نیە، لە هەموو جۆرە خاوەنداریەتیەكان بلاّوترە، وە ئەو جۆرەیان گونجاوە بۆ ئەو بازاڕانەی كە ناوخۆیە و دیاری كراون، وە بەرهەمی ئەو جۆرە پرۆژانە دەگونجێت لەگەڵ پێداویستی و ئارەزووی تاكەكان نموونەش (پیشەسازی یە بچووكەكان، خزمەتگوزاریە پیشەسازیەكان،...هتد).

- **<u>لایەنە باشیەكانی :-</u>**

أ- دامەزراندنی ئەم جۆرە پرۆژانە ئاسانە.

ب- بوونی هاندەر بۆ بەدەست هێنانی سوود و قازانجی زۆر.

ت- خێرایی لە وەرگرتنی بریار لەم جۆرە پرۆژانە .

پ- نەرمی هەیە لە كاركردن بەپێی بارودوخ .

ج- هەلی كاركردن بۆ تاكەكان دەرەخسێنێت ، وە كاریگەری هەیە لەسەر كەم بوونەوەی گردبوونەوەی سامان لە كۆمەلگا.

ح- توانای پاراستنی نهێنی كاركردنی هەیە.

خ- دەسەلاّتی گەورەیی بەسەر كارەكان .

- **لایەنە خراپیەکانی: -**

أ- **جولەی دەرامەت و توانای بەڕێوەبردنی دیاری کراوە.**

ب- **خاوەنەکەی بەرپرسیارە لە هەموو ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەرووی دەبێتەوە .**

ت- **ئەو جۆرە پڕۆژانە ژیانیان مسۆگەر نی یە .**

پ- **ئەو هەموو سیفاتانەی کە پێویستن بۆ سەرکەوتنی کار دەگمەنە لە یەك تاکدا هەبێت .**

- **هاوبەشێتی: -**

**خاوەنی ئەو پڕۆژانە لە یەك کەس زیاترە بە شێوەی هاوبەشێتی، وە هەمووشیان بەشدارن لە قازانجی پڕۆژەکە، کەمترین هاوبەش دوو کەسەو و زۆرترین هاوبەش بە پێی یاسای کارپێکراوی ئەو وولاٌتە دیاری دەکرێت، ناوی هاوبەشەکان بە فەرمی لە دەزگای پەیوەنداری میری تۆمار دەکرێت و بەرپرسیاریەتی زۆر جار دیاری کراوە و هەندێك جار دیاری نەکراوە، و هاوبەش هەیە چالاکە بە سەرمایە و بەڕێوەبردن و کار بەشدارە و هەروەها لە قازانجیش، هاوبەشیش هەیە تەنها لە قازانج و سەرمایە بەشدارە پێی دەڵێن هاوبەشی نوستوو.**

- **لایەنە باشیەکانی: -**

أ- **دامەزراندنی ئەم جۆرە پڕۆژانە ئاسانە.**

ب- **بەدەست هێنانی دەرامەتێکی دارایی زیاتر.**

ت- **توانای پاراستنی نهێنی کارکردنی هەیە.**

پ- **زامن کردنی یارمەتی دانی یەکتری.**

- **لایەنە خراپیەکانی:-**

أ- **باوەڕ نەبوون بە بەردەوامیەتی ئەو هاوبەشیە.**

ب- **لەوانەیە هاوبەشەکان لەگەڵ یەکتری ڕاستگۆ نەبن.**

ت- **باوەڕی کۆمەڵگا بەم جۆرەیان کەمە.**

- **کۆمپانیا بەشداربووەکان :-**

**ئەم جۆرەیان بە گرنگترین شێوەکانی ڕێکخستنی پیشەسازی دادەنرێت کە لە هەموو جیهاندا بڵاوە .**

**<u>سیفاتە سەرەکیەکانی کۆمپانیای بەشداربووەکان :-</u>**

1- **کیانێکی یاسایی سەربەخۆی هەیە لەو ئەندامانەی کەخاوەنین وە کۆمپانیا دەتوانێت خاوەنداریەتی وە گرێبەستی بازرگانی بکات بە ناوی خۆی.**
2- **بوونی بەشداریتی واتە لە دروست بوونی و نەمانی و زامن کردنی بوونی کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە خاوەنەکانی.**
3- **بەشداریکردن لە پارەدان، واتە بەدەست هێنانی سەرمایەی سەرەکی بۆ وەبەرهێنان بە شێوەی پشکە و پشکانە دەکرێن لە لایەن تاکەکان کە دەبن بە خاوەنی کۆمپانیاکە و ژمارەی ئەو پشکانە لەسەر جۆری کۆمپانیاکە دەوەستێ.**
4- **ئیدارەی مەرکەزیەو ڕێپێدراوە، چونکە ئەو کۆمپانیایانە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن پشکە و هەموویان ناتوانن ڕۆڵێکی کارا لە بەرێوەبردنی کۆمپانیاکە بگێرن، بۆیە چاودێری کردن و بەرێوەبردنی لە لایەن خاوەن پشکەکان رێی پێ دەدرێت بۆ نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی کە ناو دەبرێن بە بەرێوەبەرەکان، وە بەرێوەبردنی ڕۆژانەی کۆمپانیا لە لایەن کەسانی تریشەوە دەکرێت کە تایبەتمەدەن لە بواری خۆیان، بڕیار لە لایەن بەڕێوەبەرەکان دەدرێت بەلاَم کاری ڕۆژانە لە لایەن کارگێڕەکان بەڕێوەدەچێت .**
5- **دەتوانرێ پشکەکان بگوازرێتەوە، واتە دەتوانری پشکی ئەو کۆمپانیایانە بە سەربەستی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە ئەمەش لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنیان وەکو کالاَ لە بازاڕی پشك و قەواڵە.**
6- **زۆری ژمارەی ئەندامەکان، ئەم جۆرە کۆمپانیایانە ڕێگە دەدات بە ژمارەیەکی زۆری هەڵگرانی پشك بۆیە خاوەنداریەتی فراوانە .**
7- **بەرپرسیاریەتی دیاری کراوە، واتە بەرپرسیاریەتی ئەندامانی کۆمپانیا کە دیاری کراوە، بە پێی بەهای ئەو پشکەی کە هەڵیدەگرن، بەلاَم بەرپرسیاریەتی کۆمپانیاکە بە گشتی دیاری نەکراوە.**
8- **ڕێکخستن و چاودێری یاسایی، بۆ مەبەستی پارێزگاری کردنە لە یەکگرتنی ئەو بنەمایانەی کە تایبەتە بە بەرێوەبردنی کۆمپانیاکە وە بۆ ئەوەی هاوبەشەکان لە بەرژەوەندی یەکتری نەدەن و لەناو ئیدارەی کۆمپانیا و بۆ پاراستنی مافی هەڵگرانی پشك ئەوا کۆمپانیا لە ژێر چاودێری یاسایی دەبێت لە لایەن حکومەتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی .**

9- پابەندبوون بە یاسا، دەبێت کۆمپانیا هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتە بە خۆی ئامادەبکات و بدرێت بە تۆمارکاری کۆمپانیاکان و بلاّوبکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵك دڵنیا بێتەوە و زانیاری هەبێت دەربارەی مەرجەکانی گرێبەستی و ژمێرەکانی کۆمپانیا و ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی قازانج و زەرەر هەبێت.

- <u>کۆمپانیا بەشداربووەکان دوو جۆرن: -</u>

أ- کۆمپانیای بەشداربووی گشتی .

ب- کۆمپانیای بەشداربووی تایبەت .

کۆمپانیای بەشداربووی تایبەت کە توانای ئەندامەکانی دەبەستێتەوە بۆ گواستنەوەی پشکەکان ئەمەش بە پێی مەرجەکانی گرێبەست وە ژمارەی ئەندامانی دیاری دەکات لە نێوان (2-50) شەریك وە ڕێگا بە خەڵك نادات بەشداری لە کۆمپانیا بکەن، بەلاّم کۆمپانیای بەشداربووی گشتی ئەو مەرجانەی تیانیە سەبارەت بە گواستنەوەی پشکەکان وە ژمارەی ئەندامانی لە (حەوت) ئەندام کەمتر نیە و زۆرترین ئەندامیش کراوەیە، واتە ڕێگا بە خەڵك دەدات بەشداری تیا بکات، و هەروەها ژمێرەی کۆتایی و قازانج و زەرەری ساڵانە لەگەڵ ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی کاری کۆمپانیا بلاّو دەکاتەوە.

بە بەراورد کردنی لایەنی باشی هەردوو جۆریان دەردەکەوێت کە کۆمپانیای بەشداربووی گشتی باشترە لە کۆمپانیای بەشداربووی تایبەت، چونکە ژمارەیەکی زۆری هەڵگری پشکی هەیە کە ئەمەش باشترە لە ڕووی بەشدار بوونی فراوانی لەسەرمایە و کەم کردنەوەی کۆبوونەوەی سامان لە کۆمەڵگا و دیموکراسی ترە و کراوەیە بۆ خەڵك ئەمەش کاریگەری باشی هەیە لەسەر گەشەسەندن، هەر بۆیەش حکومەت یارمەتی زیاترو پشتگیری لەو جۆرە کۆمپانیایانە دەکات، جگە لەمانە گواستنەوەی پشکەکان لە بازاڕی سەرمایە لایەنێکی باشی هەیە کە ڕەنگ دانەوەی هەیە لەسەر بەهای پشکەکان.بەلاّم کۆمپانیای بەشداربووی تایبەت لە هەموو ئەو ڕووانە نەرمی کەمترە کە زیاتر بە کۆمپانیایەکی خێزانی دەچێت، و هەروەها پشتگیری کردن لە بەشداربووانی کەمترە، و پرۆسەی بڕیاردان دیموکراسیەتی کەمتر پێوەدیارە، هەرچەندە تاڕادەیەك بەباشیش دادەنرێت چونکە بڕیاردان تیایدا خێرایە و پێویستی بە ڕەزامەندی حکومی نیە.

- **لایەنە باشیەکانی کۆمپانیای بەشداربووی گشتی:-**

1- بەرپرسیاریەتی دیاری کراو مەترسی کارکردن بە بۆچوونی وەبەرهێنەکان کەم دەکاتەوە.
2- بەدوای یەك هاتنی بەردەوام دڵنیایی بەردەوامی کارکردنی هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەمەش بەرقەراربوونی تیا زیاترە.
3- توانای گواستنەوەی پشکەکان، دڵنیایی پاشەکشێ هەیە بە سەربەستی لە کۆمپانیا، و زیادبوونی سامان لە ڕێگەی زیادبوونی نرخی پشکەکان بە بێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر بەردەوامی کۆمپانیا .
4- توانای دارایەکی زیاتر هەیە بە هۆی بەشداربوونی زیاتر لە بەشداربووان، بەمەش بواری فراوان بوونی زیاترە.
5- بەڕێوەبردنی ئەو کۆمپانیایانە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوەوە دەکرێت، بەمەش لە ڕووی بڕیاردانەوە باشترە.
6- هەڵوێستی باشی کۆمپانیا لە ڕووی قەرزەوە متمانەی قەرز پێداوەکان زیاتر دەکات.
7- ئەو جۆرە کۆمپانیایانە توانایەکی بەبازارکردنی باشتری هەیە بەمەش مەترسی و باوەڕ نەبوون کەم دەکاتەوە.
8- ئەو جۆرە کۆمپانیایانە کیانێکی دیموکراسی هەیە لەگەڵ فراوانی خاوەنداریەتی.
9- زۆربەی بەرهەم و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە کۆمپانیایانە وا دەکات بەرهەمیان باشترو نرخی کەمتر بێت.
10- بار قورسی باج لەسەر ئەو کۆمپانیایانە کەمترە بە بەراوردکردن لەگەڵ شێوە ڕێکخستنەکانی تر.

- **لایەنە خراپیەکانی :-**

1- ڕۆتینێکی یاسایی زۆری تیایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا دەست کردن بە کارەکانی ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتنی بڕیاردان.
2- جیاکردنەوەی نێوان خاوەنداریەتی و بەڕێوەبردن، ڕۆڵی بەشداربووەکان کەم دەکاتەوە و دەسەڵات دەکەوێتە دەست بەڕێوەبەرەکان کە لەوانەیە گرنگی نەدەن بە بەرژەوەندی خاوەنەکانی پڕۆژەکە یان کۆمپانیاکە.
3- خاوەن پشکە زۆرەکان گرنگی نادەن بە بەرژەوەندی خاوەن پشکە کەمەکان.
4- ئەگەری دزین زیاترە لە کۆمپانیایی بەشداربوو بە هۆی لاوازی دەسەڵتی خاوەن پشکەکان.
5- جامبازی کردن لەسەر پشکی کۆمپانیا لەوانەیە ناوبانگی کۆمپانیا لەکەدار بکات.

- **کۆمەڵە هەرەوەزیەکان :-**

**شێوە ڕێکخستنێکی ترە کە ئەندامەکانی بۆ مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی هاوبەش پێکی دەهێنن وەکو کۆمەڵەی هەرەوەزی بەکاربردن، و بەرهەم هێنان و بەبازارکردن، قەرز کردن، کشتوکاڵی، نیشتەجێ بوون،...تا کۆتایی، هاندەری سەرەکی بۆ ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە بۆ ئەندامەکانی نەك بەدەست هێنانی قازانج، لەوانەیە هەندێك قازانج لە چالاکیەکە بەدەست بهێنێت بەڵام بە ئامانجێکی لاوەکی دادەنرێت. و ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانە دادەمەزرێن بۆ پاراستنی چینە بێ هێزەکان لە کۆمەڵگا لە چینی بەهێز، ئەندامەکان بە سەرمایە بەشدارن، و هەر ئەندامێك ماڤ دەنگدانی هەیە بە شێوەیەکی یەکسان، و قازانجی بەدیهاتوو دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی ، و حکومەت ئەرکی چاودێری دەکات لەسەر چالاکی ئەو کۆمەڵانە و هانیان دەدات بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی. لە بواری چالاکی پیشەسازی ئەو کۆمەڵانە پێویستن چونکە دادەمەزرێن لە لایەن بەرهەم هێنەکان بە تایبەتی پڕۆژە بچووکەکان تا بتوانن ڕووبەڕووی بەرهەم هێنە گەورەکان ببنەوە. ئەندامانی ئەو کۆمەڵە وەکو بەکرێ گرتنە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و کرێ و مووچەی خۆی پێدەدرێت، و ئەو جۆرە کۆمەڵانە جیاوازە لە کۆمپانیای بەشداربوو چونکە بچووکن و ناوخۆین و ئامانجی پاراستنی ئەندامانی و پشکی ئەو کۆمەڵانەش ناگوازرێتەوە لە تاکێك بۆ تاکێکی تر.**

- **کۆمپانیای کەرتی گشتی:-**

**ئەو جۆرە ڕۆلێکی بەرچاوی هەیە لە ئابووری ئیشتیراکی و تێکەڵاو ئەمەش لەبەر سێ هۆ:-**

1- **بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ئەو پڕۆژانەی کە ستراتیجین و گرنگن لە ئابووری وولاتدا .**
2- **بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدان و سوودی کۆمەڵایەتی نەوەك قازانج بە شێوەیەکی سەرەکی .**
3- **بەدیهێنانی زیادەی بازرگانی و بەکارهێنانی ئەو زیادەیە بۆ بە پارە پێدانی پرۆسەی پەرەپێدان.**

- **<u>کۆمپانیا گشتیەکانیش دوو جۆرن:-</u>**

1- **دەزگاو بەرژەوەندیە گشتیەکان.**
2- **کۆمپانیا گشتی یەکان.**

- **کەرتی تێکەڵاو: -**

**ئەو کەرتە لە ڕووی بەشداریکردنەوە تێکەڵاوە لە حکومەت و تاکەکان، ئەم جۆرە شێوە ڕێکخستنە پڕۆژەکە بە خاوەن دەکرێت و بەڕێوە دەبرێت بە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، و سەرمایەی ئەو جۆرە کۆمپانیایانە دابەش دەکرێت لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بەپێی ڕێژەی دیاری کراو کە ئەو ڕێژەیە جیاوازە لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر.**

- **لایەنە باشیەکانی:-**

**1- کەرتی تێکەلاو دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕکابەری و کەم بوونەوەی قۆرخ کاری و گەندەڵی دارایی بە بەراوردکردن لەگەڵ کەرتی گشتی و تایبەت.**

**2- نەرمی لەو کەرتە زیاتر بەدی دەکرێت، ئەمەش وا دەکات کارەکانی بە خێرایی و ئاسانی بەرێوە بچێت.**

**3- ئەو کەرتە سوود لە هەردوو کەرتەکە دەبینێت (تایبەت و گشتی)، سوود لە کەرتی گشتی دەبینێت لە ڕووی پشتگیری کردن لە لایەن حکومەت چونکە خۆی بەشدارە و لە هەمان کاتدا کەرتی گشتی سوود لە کەرتی تایبەت دەبینێت لە تواناکانی وە دەست پێشخەری تاکەکان چ لە ڕووی توانای بەڕێوەبردن و شارەزایی یان لە ڕووی سەرمایە.**

# بەشی دووەم :- هەلبژاردنی شوێنی پرۆژە

واتە دیاریکردنی شوێنی پیشەسازی وە لێکۆلینەوە له لایەنە ئابوریەکانی پەیوەست بە هەلبژاردنی شوێنی پیشەسازی وە بەهەند وەرگرتنی ئەو لایەنە ئابووریانە کە ئامانج لێی تێچونی دیاری کراو کەم بکاتەوە له پرۆژەی پیشەسازی لەو شوێنە دیاریکراوە بۆکەمترین تێچوون بە واتایەکی تر زیاد کردنی قازانجی پێشبینیکراو پرۆژە ئەگەر پرۆژەکە بەرهەمداری بێت یان پرۆژەکە خزمەت گوزاری کەوا پرۆگرامی توێژینەوە تەرکیز دەکاتە سەر ئەو ئامانجانەی کە پەیوەستە بە کەمکردنەوەی تێچون و زۆربونی داهات وە بابەتی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی لایەنی جوگرافی و سیاسی و کۆمەلایەتیش دەگرێتەوە وە گرنگی ئەو لیکۆلینەوەیە لە وەدایە کە پەیوەندیەکی توند هەیە لە نێوان هەلبژاردنی شوێنی پرۆژەی پیشەسازی وە سەرکەوتنی کرداری دروستکردن وە ئەو ترسانەی کە لە کۆتاییدا بریتیە لە ئەگەری بە فیڕۆدانی دەرامەتی نەتەوایەتی کە هەیە بریاری راست لە هەلبژاردنی شوینی پرۆژە باشترین بەکارهێنانی ئابووری بە دەست دێنی بۆ کەرەستەکان کە پاشان پێ ی دەوتریت ((شوێنی نمونەیەکان یان باشترینیان))وە ئەو توێژینەوەی کە رۆلی گرنگ و درێژخایەنی هەیە لەو ناوچانەی کە پرۆژەی پیشەسازی لێی جێگیر دەبێ وە هەروەها رۆلی هەیە لە هەیکەلی پیشەسازی و دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی و نرخ....... وهتد.

وە گرنگی دان بە بابەتی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی لە کۆنەوە دەستی پێکردووە ،لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وە ئەوەش بە روونکردنەوەی دیاردەی دیاریکردنی هەندێك لە پیشەسازیەکان وە پاشان هەولدانی جدی لەلایەن ((الفرید فيبر لە سالی 1909))بۆ دانانی بیردۆزی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی وە لەو کاتەوە گرفتی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی گۆشەیەکی گرنگی گرتۆتەوە له نوسینەکانی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی وپیشەسازی بە تایبەتی .

وە هەندێك هۆکار یارمەتیدەر بوون کە بەکورتی ئەمانەن .:

**یەکەم**: وێنەیەکی ناتەواو لە پەرەپێدانی دونیای سەرمایەداری لە ئاکامی جێگیربونی بێ پلان لە پیشەسازی وە ئەنجامە خراپەکانی لە رووی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی ترسناك بە هۆی ئەو جیاوازییە ئابووری و شارستانیە گەورەیەیەی کە هەیە لە نێوان ناوچەکان و هەرێمەکانی یەك دەولەت.

**دووەم**: ئاراستەی چڕی ئاشکرا لەلایەن دەولەتە نامیەکان بە ئامانجی پەرەپێدانی ئابوری کۆمەلایەتی لەسەر بنەمایەکی هاوسەنگ نەك لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەل بەلکو لە نیوان ناوچەکان و هەرێمەکانی یەك وولات.

سێ یەم : شێوەی پلاندانان بە واتای بە ئسلوبی زانستی و وشیاری کە ئامانج بەکارهێنانی نمونەییە بۆ کەرەستەکانی هەوڵدان و تێچون. نەتەوەیی ((دیاریکراو و رێژەیی))بۆ گەیشتنە بەئامانجە گشتیەکانی کۆمەلگا ئەویش بە کەمترین کات هەوڵدان وتێچوون .

چوارەم: تجروبەی زانستیانەی دەولەتە تازەپیگەیشتوەکان لە گرنگی شوێن و لە پلانی نەتەوایەتی ؛بەواتایەکی تر پێویستی بە بەجێهینانی گەورەترین توانا لە یەکسانی لە دابەشکردنی بەرهەم هێنان و پرۆژە پلاندانراوەکان نەك تەنیا لەسەر ئاستی کەرتەکان و چالاکیە ئابوریەکان بەلکو لە نێوان ناوچەکان .

## ﴿ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی ﴾

هۆکارەکانی پیشەسازی زۆرە وە ئەو هۆکارانە جیاوازە بە پێ ی جیاوازی سیستەمی ئابوری و کۆمەلایەتی و جیاوازی رێنمایی فەلسەفی و جیاوازی پلەکانی پیشکەوتنی ئابوری و کۆمەلایەتی و جۆری سیستەمی سیاسی لە سیستەمەکانی رێنماییکراو وە پلانی مەرکەزی ئەو ئامرازە چونکە جگە لە هۆکارەکانی هەلبژاردنی شوێنی پیشەسازی کە وەرگیراوە لە وولاتە سەرمایەدارەکان هۆکاری تریش هەیە کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ لە کاتی هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی کە گرنگترینیان :-

1-بەدەستهێنانی توانستی ئابوری لە سەرئاستی ئابوری نەتەوەیی بە گشتی نەك تەنیا لە سەر ئاستی پرۆژەی پیشەسازی.

2-پێش خستن ودامەزراندنی ئەو پیشەسازیانەی کە گرنگی ستراتیژیان هەیە لەو ناوچانەی کە هێمن و ئاسایشی تیایە لە وولات .

3-کارکردن بۆ پیشکەوتنی هەرێمە دواکەوتوەکان بە تایبەتی ئەوانەی سامانی سروشتی زۆری تیایە و بەکارنەهاتوە وە کەم کردنەوەی جیاوازی هەرێمایەتی.

4-بەرزکردنەوی داهاتی دانیشتوان وە باشکردنی باری بژیویان وە رۆشنبیرکردنیان لە ئاکامی ئەو رۆڵە باشەی کە پیشەسازی پێشکەشی دەکات لەهەر ناوچەیەك.

بەلأم لە وولأتە سەرمایەدارەکان کە تەرکیز دەکاتە سەر پرۆژەی تاکی وەشوێنی نمونەیی دیاری دەکرێت بەو شوێنەی کەوا بەرژەوەندی تایبەتی هەیە بۆ خاوەن پرۆژەکە ئەوا گەورەترین قازانج بەدەست دەهێنیت.

**به شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو هۆکارانەی کەوا رۆلیان هەیە لە دیاریکردنی شوێنی پیشەسازی ئەمانەن:-**

**یەکەم:- ﴿ کەرەستەی خاو ﴾**

**ئەو رۆلەی کەوا کەرەستەی خاو دەیبینێت لە دیاری کردنی شوێنی پرۆژەکانی پیشەسازی لەماوەی رێژەی بەشداری کردنی کەرەستەی خاو لە تێچونی گشتی بەهەم هێنان .چونکە نزیکی پرۆژەی پیشەسازی لەو سەرچاوانە قازانج بەدەست دەهێنی لە کۆی تێچونی گواستنەوەو وە کەم کردنەوەی ماوەی خولانەوەی بەرهەمهێنان .**

**هەندێك لیکۆلینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بە تایبەتی پەیمانگای نیشتمانی بۆ ئامارو ئابوری بەریتانی کە پێی هەلسا لە گرێبەستی حەوتەم لە سەدەی بیست کە رێژەی بەشداری کردنی کەرەستەی خاو لە٪60کۆی تێچونە لە پیشەسازی گۆراو .وە لەگەل ئەوەشدا واقیعی پیشەسازی لە جیهاندا هەندێك راستی دەردەخات لەوانە :-**

**1- هەبونی کەرەستەی خاو مەرجێکی بنەرەتیە بۆ دانانی پیشەسازی بەڵام بە تاکە مەرج دانانرێت چونکە هەبونی کەرەستەی خاو بە تەنیا بەس نیە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی بەڵکو پێویستی بە شتی زۆری تر هەیە لەپاڵ کەرەستەی خاو کە بە گرنگ دادەنرێت .چونکە ووڵات هەیە هەژارە لە کەرەستەی خاو بەڵام بە ووڵاتیکی پێشکەوتووە دادەنرێت لە ئێستا بەلام وولات هەیە دەولەمەندە بە کەرەستەی خاو بەڵام تا ئێستا لە لیستی ووڵاتە هەژارەکان هەژماردەکرێت .**

**2-هەبونی کەرەستەی خاو بە تەنیا بەس نیە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی ئەگەر ئەو هەبونە بە شێوەیەکی ئابوری نەبێت واتا گرێنتی دەست کەوتنی کەرەستە بە هەمان مواسەفات وە لە هەمان سەچاوە بە شێوەی ئابووری وبەردەوام .**

**3-هەبونی کەرەستەی خاو بە برِو وجۆرەکانی کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی تێچونی بەرهەمی پیشەسازی و تێچونی شمەکی بەرهەمهێنراو وە بەم شێوەیەش پیشەسازی دەتوانێ بەردەوام بێ لە فراوان بون و پێشکەوتن.**

**4_هەندێك پیشەسازی هەیە پشت بە یەك کەرەستەی خاو نابەستێ بەلکو پشت بە چەند کەرەستەیەکی خاو دەبەستێ جا ئەم کەرەستەیە بنەرەتی بێت یاخود کەرەستەی یارمەتیدەر بێت بە رێژەی جیا.**

**هەلبژاردنی شوێن نزیك کەرستەی خاو رۆلێکی گەورەی هەیە لە گرینگی پێدانی لە تێروانینی ئابوری چونکە تێچونی گواستنەوە کەم دەکاتەوە.**

**((فیبر))لە هاوکیشەکەیدا ژمارەی پێوانەیی کەرەستەکان مانای وایە بە رێژەی کەرەستەی سەرەتایی بۆ رێژەی بەرهەمەکان .**

**کێشی ئەو کەرەستانەی کەوا بەکارهاتون =ڕێژەی کەرەستەکان**

**کێشی بەرهەمهێنراوەکان**

**وە هەرچەندە ڕێژەکە گەورەتر بوو لە یەك ژمارەی تەواو یان بەرزتر بوو واتە پرۆژەکە بەندە بە سەرچاوەی کەرەستەی خاو بەڵام ئەگەر ئەم ڕێژەیە دابەزی کەمتر لە یەك ئەوا دامەزراندنی پرۆژەکە بە سەرچاوەی کەرەستەی خاو بێهیزە.**

**★★★ئەو پیشەسازیانەی رادەکێشرین بەرەو سەرچاوەی کەرەستەی خاو ئەمانەن:.**

**A -ئەو پیشەسازیانەی کە کەرەستەی خاوەکانیان زوو توشی تێکچوون دەبێت یان بەرگەی گواستنەوەی ماوەی دوور ناگرن وەکو پیشەسازیەکانی شیرنەمەنی-قوتوبەندی میوە-سەوزە-گۆشت –ماسی**

**B -ئەو پیشەسازیانەی کە پاشماوەی پیشەسازیەکانی تر بەکاردێنن وەکو کەرەستە یان تێکەل دەبێ بە کرداری بەرهەمداری وەکو پیشەسازی کەرەستەی بینا لەنزیك کارگەکانی چیمەنتۆ**

**C - ئەو پیشەسازیانەی کەرەستەی خاوی قەبارە گەورە و کێشی گران بەکاردەهێنیت تێچونی گواستنەوەی زۆرە وەکو بەردی جیری کەبەکاردێت لە پیشەسازی چیمەنتۆ**

**D - ئەو پیشەسازیانەی کەرەستەی خاو بەکاردەهێنی کە قەبارەی گەورەیە و کیشی زۆرە بەلام قەبارەو کێشی کەم دەبێتەوە لەکاتی کرداری گواستنەوە و کرداری بەرهەمداری ئەگەر کەرەستە خاوەکان ناوخۆی بن بەلام ئەگەر ئەم کەرەستە خاوانە هاوردە بکرێ لە دەرەوە ئەوا ئەو بەندەرانەی کە دەیگاتێ بە شوێنی کەرەستەی خاو دادەنرێت وەکو کەرەستە خاوەکانی تر کە لە ناوەوەی وولات هەیە**

**★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★**

**دووەم : بازار**

**ئامانج لە دروست کردنی پێشکەوتنی پیشەسازی پەیداکردنی شمەکە بۆ بەکارهێنانی کۆتایی یان بەکار هێنانی بەرهەمداری بۆ پەیداکردنی ئەو شمەکانەی کەوا خواستی زۆر لەسەرە کە پەیوەستە بە توانای کرێن لەبەر ئەوە بازار بە گرنگترین بەهێزکەرەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی دادەنری وە قەبارەی بازاریش بە هۆکاریك دەژمێردریت لە**

**هۆكارەكانی سەركەوتنی پیشەسازی جونكە قەبارەی بازار پشت دەبەستێت بە ژمارەی دانشتوان و داهاتی تاك .ئەگەر بازارەكە ناوەخویی بێت بەلام ئەگەر بازارەكە دەرەكی بێت ئەوا توانای شمەكی نیشتمانی بو منافسەكردنی بازارە جیهانیەكان و مواسەفاتی شمەكەكان لەلایەنی هەرزانی و نرخ و رێژەی باشی وە سەرەرای رێكەوتنەكانی بازرگانی ،وە گرنگی بازار بە دیار دەكەوێ لە راكێشان و جێگیربونی ئەو پیشەسازیانەی كە تێچونی گواستنەوەی بەرهەمەكانی زۆرە لەسەرجەم تێچونی بەرهەمهێنان**

**وە بەگشتی ئەو پیشەسازیانەی بەوە ناسراون كە بەرەو بازار دەچێت ئەمانەن:_**

1- **ئەو پیشەسازیانەی قەبارەی بەرهەمی كۆتایی زۆر دەبێ لە كرداری دروست كردنی و رێژەی نرخەكەی هەرزان دەبێ لە هەمان كاتدا**
2- **ئەو پیشەسازیانەی بەرهەمەكانی زوو توشی تێكچوون دەبن كاتی گواستنەوە**
3- **ئەو پیشەسازیانەی جێگیر دەبێ نزیك پیشەسازی تر لە نزیك بازار بەهوی بەسترانەوەی واتە پەیوەندیان**
4- **خزمەت گوزاری پیشەسازی گشتیەكان**
5- **ئەو پیشەسازیانەی كە بەرهەمەكەی قابیلە بو شكان وە ناتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ شوێنێكی دوور كە ئەبێتە زۆربونی تێچونی گشتی بو ئەو كەرەستەیە بە تایبەتی ئەو كەرەستانەی نرخیان هەرزانە**
6- **ئەو پیشەسازیانەی كەوا پێوست دەكا بەرهەم هێنەر راستەوخۆ نزیك بەكاربەر بێت وەكو پیشەسازی چنین و بۆن و چاپكردنی رۆژنامە ئەوەی كوتای رۆژنامە ئەگەر درەنگ بگاتە دەستی ئەوا نرخەكەی كەم دەكا**

**************************************************

**سێیەم : هێزی كار**

**بەیەكێك لە گرنگترین بەهێزكەرەكانی پیشەسازی دادەنرێت وە گرنگەكەی زۆرتر دەبێت بە شێوەیەكی گەورەتر لەو پیشەسازیانەی كەوا پشت دەبەستێ بە هونەری بەرهەمهێنانی كرێكار چر وە لێرەدا چری مانی ژمارە نیە سەرەرای گرنگیەكەی بەلام ماناكەی هەبونی جۆری داواكراوە لە كرێكار وە لەسەر ئەو بناغەیە ئەو ولاتانەی كە دانیشتوانیان زۆرە بەرەو دروستكردنی پیشەسازی كرێكار چڕ بە راهینانی كریكارو ئامادەكردنیان بۆ بەكارهێنانیان ئەگەر ئەمە لە بواری كشتوكالی بێت كە ناسراوە بە هەبونی بیكاری دابۆشراو بەتایبەتی لە ولاتانی تازە پێگەیشتوو لەسەر بناغەی رۆلی هێزی كار لە دیاریكردنی شوێنی پیشەسازی پشت بەم بنەمایانەی خوارەوە دەبەستێت :**

1-سروشتی پیشەسازی واسلوبی هونەری بەکارهێنراو چونکە هەندێ پیشەسازی ژمارەیەکی زۆر کریکار بەکاردەهێنی وەکو پیشەسازی ئاسن و رستن و چنین پیشەسازی خۆراك بەڵام پیشەسازیەکانی تر پێویستی بە ژمارەیەکی کەمتر هەیە لە کرێکار چونکە پشت دەبەستی بە هۆیەکانی تەکنەلوجیای نوێ.

2- فرەیی هێزی کار بەبرو جۆری داواکراو چونکە گرفتەکە تەنها ژمارەی هێزی کار نیە بەڵکو جۆرەکەشی ئەمەش باروۆخی وولاَتە تازە پێگەیشتووەکانە کە رێژەیەکی زۆری کرێکاری ناشارەزا بەکاردێنن.

جا لەبەر ئەوە هەندێ ئەو وولاَتانەی کە هەڵدەستی بە دروستکردنی ئەو پیشەسازییانەی کە شارەزایی کرێکاری دەوێ دەبێ پێشتر هەلسێ بە راهێنانی کرێکارەکان.

3- پیشەسازی بەرهەمداری کار : ژمارە و جۆر گرفتەکەت بو چارەسەر ناکات لەدیاریکردنی شوێنی نمونەیی چونکە بابەتەکە ئەبەستریتەوە بەتوانای کرێکار لەسەر بەرهەم هێنان بە واتای بەرهەمداری گرنگی بەرهەمی رۆژانەکەیەتی ،وە چەند هۆیەك رۆلی هەیە لەسەر ئاستی بەرهەمداری کار لەوانە ئاستی تەندروستی و ئاستی فێربوون و تەکنەلوجی زانستی هەرچەندە ئەم ئاستانە بە بەرهەمداری کار زورتر دەبێ وە بە پێچەوانەش راستە.

4- هەبوونی چەند شارەزایەتی تایبەت لە دەولەت یان هەرێم یان شارێکی دیاریکراو وەك پیشەسازی قوری سورکراو یان خشل وە فەرشی دەستکرد یان کاتژمێرەکان یان مۆبیلیات بەلام پێشکەوتنی زانستی تەکنەلوژی یارمەتی دەرە بو کەمکردنەوەی ئەو گرنگە تایبەتیەی کە هەیە لە وولاَت یان لە هەرێمێکی دیاریکراو

---

چوارەم : سەرمایە :

ستراتیژیەتی پەرەپێدان کە یارمەتی دەرە بۆ گواستنەوەی وولاتە تازە پێگەیشتوەکان لەباری دواکەوتوویی بۆ بواری پەرەپێدان و گیروگرفتەکانی پێشکەوتن بە شێوەیەکی گشتی دیاری دەکات وە پیشەسازی بە شێوەیەکی تایبەت بە نەبونی سەرمایە چونکە پیشەسازی خۆی بریتیە لە کرینی ئامێرو ئامرازەکانی و وە کەرەستەی سەرەتایی ،وە شارەزایی تەکنەلوجی پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە لەبەر ئەوە ئەو سەرمایەیەی کە ئەو پێداویستیانە دابین دەکا بە پلەیەکی گەورە کە ئەو وولاتانە توانایان هەیە بۆ دروستکردنی پیشەسازی وە گرینگیەکەی لەم دواییە زیاتر بوو لە پێشو ئەویش بە هوی ئەوەی کە پیشەسازییەکانی ئێستا کە بەرەو بەکارهێنانی چری دەروات بو سەرمایە وە تێبینی دەکرێ پێویستی پیشەسازی بۆ سەرمایە زۆرتر دەبێ هەرچەندە قەبارەی پیشەسازی گەورەتر بێت وە هونەری بەرهەمداری زۆرتر بێ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری ناسان ناوی لێبنین هەندێ پیشەسازی نوێ ئەمەش ئەوەمان بۆ دیار دەکات کە دابەشکردنی پیشەسازی نارێك لە جیهان چونکە پیشەسازییە نوێیەکان بە شێوەیەکی دیار لەسەر حسابی دەولەتە تازەپێگەیشتوەکانە سەرەرای گرنگی سەرمایە لە دروستکردنی و پێشکەوتنی پێشەسازی بەلام بە بەراوردکردن

لەگەل هۆکارەکانی وەکو کەرەستەی خاو بە توانایەکی گەورەتر بو گواستنەوەی ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا رۆلی هەبێت لە هەلبژاردن و دیاریکردنی شوێنی پیشەسازی

ئەگەر ئەمە راستە لەسەر ئاستی یەك دەولەت یان هەرێم بەلام لەسەر ئاستی جیهان سەرەرای ئاسانی گواستنەوەی کە بە یەکێك لە هوکارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دادەنرێت

---

پێنجەم :_ (ژێرخانی ئابووری)

یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی پەرەپێدانی ئابوری کە زەمیینە خۆش دەکات بۆ دامەزراندنی پیشەسازی وە یارمەتی دەدات بۆ دامەزراندن و بەرەو پێشچوون کە هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن و بەندەرەکان و تۆری ئاو و کارەبا هێلی ئاسنی و سەرەرای دەزگاکانی فێرکردن و بانکەکان.....وهتد دەگرێتەوە .

---

شەشەم :- ووزە

یەکێکە لە هۆکارەکانی بنیات نانی پیشەسازی وپێشکەوتنی کە هەبوون و هەرزانی ووزەیە چونکە هەبونی ووزە بەتایبەتی رەژوو بە برِی ئابووری زۆرو رۆلی گرنگی و سەرەتایی هەیە لەبلاٌووبونەوەی و پێشکەوتنی پیشەسازی لە ئینگلترا لە سەرەتای شورشی پیشەسازی و لە ناوەراستی جەرخی هەژدەهەم لەپاشان مرۆڤ دەستی کرد بە بەکارهێنانی نەوت و غاز ی سروشتی و ووزەی کارەبایی ئاوی وەکو سەرچاوەی ووزەی پێویست بۆ ئیش پێکردن و جولانی ئامێرو ئامرازەکان لە کارگەکان وە مرۆڤ بە هۆی ئەو دەستکەوتە گەورانەی شۆرشی زانستی و تەکنەلوژی هاوچەرخ دەستی کرد بەووزەی ناوەکی ووزەی رۆژ وەکو سەرچاوە بۆ ووزە لە بواری پیشەسازی سەرەرای کەم بەکارهێنانی یان لەبەرزۆری تێچونی یان لەبەر ترسناکی گیروگرفتەکانی وەکو ووزەی ناوەکی بۆ پیس بونی ژینگە

وە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین باسی پیشەسازی بکەین لەدیاریکردنی شوێن بەم شێوەیە :_

1-ئەو کۆمەلە پیشەسازییانەی کە پێویستی بە ووزە هەیە بە برێکی زۆر وەکو پیشەسازی ئەلەمنیوم و پیشەسازی کیمیایی و کانزا وەلەم حالەتەدا پێویستە پیشەسازی دابنرێ لەو شوێنانەی کە نزیکە لە کەرەستەی خاو.

2-ئەو کۆمەلە پیشەسازیانەی کە پێویستی بە ووزە هەیە بە بری کەم وەکو پیشەسازیی خواردنەوە دیاریکردنی شوێنی ئەو پیشەسازییانە پێویست ناکات نزیك بێت لە کەرەستەی خاو.

3- کۆمەلەیەکی تر لە پیشەسازییەکانی کە تێچونی سوتەمەنی و سەرچاوەی ووزە رێژەیەکی جیا وەردەگری لە کۆی تێچونی بەرهەم لەو کاتە شوێنی پیشەسازی دەبێت نزیك ووزە بێت.

---

حەوتەم :- رێینمایی میری (التوجه الحكومی )

وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت بەتەنیا پشت دەبەستیت بە قازانجی بازرگانی بەلاٌم وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی قازانجی بازرگانی لەبەرچاو دەگرێت سەرەرای پێوەری قازانجی کۆمەلایەتی و ستراتیژیەکانی تر ، بەلاٌم بە تێروانینی نیشتمانی لەبەر چاو دەگیرێ لە کاتی دیاریکردنی شوێن بۆ دەزگا پیشەسازیەکان بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە ئابوورییەکان و کۆمەلایەتیەکان و ستراتیژیەکان بەیەکەوە چونکە دابەشکردنی جوگرافیی لە یەکەکان و لە هەموو

ناوچەکانی و هەرێمەکانی وولات بە تەواوی ببێتە هۆی بەدەست هێنانی ئامانجە ویستراوەکان وە لەهەمان کاتدا بە ئامانجی بەکارهێنانی زانستی راست بۆ هەموو کەرەستە سروشتیەکان و مرۆڤایەتیەکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئامانجی کۆمەلایەتی بە دەست بهێنێت بە کەمترین تێچوون .

# بەشی سێیەم / سەرمایە لە پیشەسازی

سەرمایە بە یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی بەرهەم هێنان دادەنرێت، کە پێك هاتووە لە کۆمەڵە هۆکار و پێداویستی پێویست بۆ بەرهەم هێنان وە بۆ تەواو کردنی ئەم پرۆسەیە، و سەرمایە بە پێی ئەرکی لە بەرهەم هێنان دەکرێتە دوو بەش:-

**یەکەم: - سەرمایەی جێگیر(fixed capital)**

کە هەموو ئەو هۆکارانەی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی بەرهەم هێنان بەکار دێت بۆ چەند جارێك وە بە شێوەیەکی بەردەوام وە لە ناو ناچێت بە یەك جار بەڵکو بە شێوەیەکی (تدريجى)، وە سەرمایەی جێگیر ناگۆڕێ بە گۆڕانی قەبارەی بەرهەم وە لە سەرەتای دامەزراندنی پرۆژەکە خەرج دەکرێت.

**دووەم: - سەرمایەی بەکارخستن (working capital)**

ئەو بەشەی سەرمایە دەگرێتەوە کە بەکاردێت لە پرۆسەی بەرهەم هێنان وە بۆ یەك جار. جیاکردنەوەی هەریەك لە سەرمایەی جێگیرو سەرمایەی بەکارخستن گرنگی ئابووری هەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هەژمارکردنی تێچوونی بەرهەم هێنان هەیە، چونکە سەرمایەی بەکارخستن هەمووی هەژمار دەکرێت لە ژمێرەی تێچوونی بەرهەم هێنان، بەڵام سەرمایەی جێگیر تەنها بەشێکی هەژمار دەکرێت کە پێی دەووترێت لەناوچوون (الاهتلاك). و دیاری کردنی هەریەك لە سەرمایەی جێگیرو بەکارخستن لە کۆی سەرمایە لە پیشەسازی چەند هۆکارێك ئاشکرا دەکات کە پەیوەندی بە لێهاتووی سەرمایە هەیە وەك :-

1- شیکردنەوەی بنەمای سەرمایە ئاستی لێهاتووی ئابووری سەرمایە دیاری دەکات، (چونکە هەرچەند بەشی سەرمایەی جێگیر زیاتر بێت لە سەرمایەی بەکارخستن) لە کۆی گشتی سەرمایە ئەم بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئاستی بەرهەم داریەتی سەرمایە بەرزە، چونکە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە (تێکرای خولانەوەی سەرمایەی بەکارخستن بەرزە ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت هەر یەکەیەکی نەخت لە سەرمایەی بەکارخستن ژمارەیەکی زیاتر لە یەکەکانی نەخت بۆ فرۆشتنەکان بە دەست دەیەنێت .

2- زیادبوونی بەشی سەرمایەی جێگیر بە بەراورد لەگەڵ سەرمایەی بەکارخستن بە بەردەوامی بەڵگەیە بۆ بەرزی ئاستی تەکنیك لە بەرهەم هێنان لە ئەنجامی بەکارهێنانی هۆکاری نوێ و پێشکەوتوو .

3- زیادبوونی بەشی سەرمایەی جێگیر بە بەراورد لەگەڵ سەرمایەی بەکارخستن یارمەتی زیادبوونی تێکرای بەرهەم و ئەو داهاتەی کە لە چالاکی بەرهەم هێنانەوە دێت

- **سەرمایەی جێگیر: -**

سەرمایەی جێگیر لەمانەی خوارەوە پێك دێت کە هەریەکەیان ئەرکی دیاری کراوی خۆی هەیە کە ئەمانەن :-

(ئامێرەکانی بەرهەم هێنان، المعدات، ئامێرەکانی بەدەست هێنانی وزە، هۆکارەکانی گواستنەوە، ئامرازەکانی کارکردن، ڕێگاکانی گواستنەوە، بیناکانی کە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنان تەرخان دەکرێت، الاثاث ).

سەرمایەی جێگیر چەند تایبەتمەندیەکی هەیە :-

1- بەشداری لە پرۆسەی بەرهەم هێنان دەکات بە شێوەیەکی ماددی و عەینی وە بەشدارە لە دروست کردنی بەهای بەرهەم.
2- لە ڕێگەی سەرمایەی بەکارخستن بەهای سەرمایەی جێگیر دەگوازرێتەوە بۆ بەهای بەرهەم.
3- بەهاکەی کۆ دەبێتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ماوەی تەمەنی ئابووری لە ڕێگەی لەناوچوون (الاهتلاك).
4- شێوە مادییەکەی نوێ دەبێتەوە پاش تەواو بوونی تەمەنی ئابووری ئەو سەرمایە جێگیرە.
5- هەمان ئەرك دەکات لە پرۆسەی بەرهەم هێنان لە ماوەی تەمەنی ئابووری.

- **هەڵسەنگاندنی سەرمایە :-**

سەرمایە بە چەند ڕێگەیەك هەڵدەسەنگێنرێت گرنگترینیان ئەمانەن:-

1- القيمة التاريخية historical value
2- التكلفة الاستبدالية replacement cost

- ڕێگای یەکەم (بەهای مێژووی): -

هەموو ئەو خەرجیانە دەگرێتەوە کە بۆ کرینی ئامێر و ئامراز و دروست کردنی بینا خەرج دەکرێت لە کاتی خۆیدا، بەلاّم کێشەی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە بەهای ئەم جۆرە سەرمایانە جیاواز دەبێت بۆ ماوەی داهاتوو کە ئەمەش کێشە دروست دەکات لە کاتی بەراورد بۆ بەها و تێچوونی سەرمایەی جێگیر، بۆیە ئەم ڕێگایە بە باش دانانرێت.

- ڕێگای دووەم (بەهای یان تێچوونی گۆرینەوە): -

ئەمەش تێچوونی گۆڕینەوەی سەرمایەی جێگیر دەگرێتەوە لە ماوەی ئێستا، بۆیە ئەم ڕێگایە بە باشتر دادەنرێت.

**هەردوو ڕێگاکە پرۆسەی لەناوچوونی سەرمایەی جێگیر دەرناخات دوای ماوەیەکی دیاری کراو لە بەکارهێنانی، وە هەروەها بەها ڕاستەقینەکەی دەرناخات لە ئەنجامی گەڕانەوەی بەشێك لە بەهاکەی لە ڕێگای (الاهتلاك)، بەدورخستنەوەی کۆی اهتلاکات لە بەهای سەرەتاکەی ئەو سەرمایە جێگیرە ئەوەی دەمێنێتەوە بە (بەهای ماوە یاخود فرۆشتن دەناسرێت) پێش لەناوچونی توانای بەرهەم داریەتی. بەلاَم پاش تەواو بوونی توانای بەرهەم داری سەرمایەی جێگیر و تەواوبوونی تەمەنی ئابووری ئەوەی دەمێنێتەوە بە بەهای پاشماوە (قیمە انقاض)دەناسرێت.**

**سەرمایەی جێگیر توشی لەناوچوون دەبێت لە ئەنجامی بەشداری کردنی لە پرۆسەی بەرهەم هێنان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاسیەتی تەکنیکی ئابووری یان بەهای بەرهەم داری کەم دەبێت یان لەناو دەچێت.**

**ئەو لەناوچوونەش دوو جۆرە:-**

1. **لەناوچوونی (استهلاك فیزیائی) مادی.**
2. **لەناوچوونی تەکنەلۆجی (استهلاك تکنلوجی).**

**لەناوچوونی فیزیاوی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی هۆکارەکانی کارکردن لە پرۆسەی بەرهەم هێنان لە ئەنجامی: -**

أ- **کاریگەری فیزیاوی و کیمیاوی لە ئەنجامی بەکارهێنانی.**

ب- **کاریگەری شێ و گەرمی.**

ت- **کاریگەری سیستەمی کارکردن و ژمارەی سەعاتەکانی کارکردن و چاککردنەوە و کرێکاری کارامە..هتد.**

**ئەمانە دەبنە هۆی گۆڕینی شێوەکەی یان قەبارەی یان نارێکی کە لە ئەنجامدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەم بوونەوەی خێرایی و ووردی کارکردنی یان لەوانەیە ببێتە هۆی وەستانی لەکارکردن.**

**بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری فیزیاوی؟! وەلاَمەکەی لە سەرەوەیە .**

**بۆیە دوای تەواو بوونی تەمەنی ئابووری سەرمایەی جێگیر دەبێت بگۆردرێت بە هی نوێ بۆ ئەوەی کێشە لە بەرهەم هێنان دروست نەکات .**

1. **ڕێژەی لەناوچوونی فیزیایی**= $100\text{x}\frac{\text{ماوەی بەکارهێنانی ئامێرەکە}}{\text{تەمەنی ئابووری ئامێرەکە}}$

- **لەناوچوون (کۆن بوون) تەکنەلۆجی:-**

**کەم بوونی بەهای سەرمایەی جێگیرە لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا کە کاریگەری هەیە لەسەر گۆرینی لێهاتووی هۆکارەکانی بەرهەم هێنانە نوێیەکان، بەمەش ئامێرە کۆنەکان بەهاکەی لەناو دەچێت بە بەراوورد کردن لەگەڵ ئامێرە نوێیەکان، بۆیە پێویست بە گۆڕینیان دەکات بە ئامێرە نوێیەکان.**

**ئەم استهلاکە توکنەلۆجیە لە ئەنجامی کاریگەری دوو هۆکار دەبێت:-**

1- **کەم بوونی نرخی هۆکارە نوێیەکان لە ئەنجامی زیادبوونی بەرهەمداری ئەو لایەنانەی ئەم هۆکارانە بەرهەم دێنن.**
2- **هۆکارە نوێیەکان توانای بەرهەم داریان زۆرترە لە هۆکارە کۆنەکان.**

**استهلاکی تەکنەلۆجی پێوانە دەکرێت بەمانەی خوارەوە:-**

1- **بەکاربردنی تەکنەلۆجی** = $\frac{\text{بەهای سەرەتایی ئامێرەکە} - \text{بەهای گۆرینەوە}}{\text{بەهای سەرەتایی ئامێرەکە}}$

**هەرچەندە بەرز بێت مانای وایە نرخی ئامێرە نوێیەکان زۆر کەم بۆتەوە بۆیە پێویست بە کڕینیان دەکات واتە گۆرینی ئامێرە کۆنەکان بە نوێیەکان.**

2- **أستهلاك تەکنەلۆجی** = $\frac{\text{توانای بەرهەمداری ئامێرە نوێیەکان} - \text{توانای بەرهەمداری ئامێرە کۆنەکان}}{\text{توانای بەرهەمداری ئامێرە کۆنەکان}}$

**هەرچەندە بەرز بێت مانای وایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان توانای بەرهەم داری ئامێرە کۆنەکان و نوێیەکان بۆیە پێویستە ئامێرە کۆنەکان بگۆڕدرێن بە نوێیەکان.**

**بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری بەکاربردنی تەکنەلۆجی؟!**

**دەبێت زۆرترین توانای بەرهەم داری بەکار بهێنرێت، و ئامێرەکان بپارێزرێت بە بەردەوامی، و تێچوونی بەرهەم هێنان کەم بکرێتەوە، هۆکارەکانی بەرهەم هێنان نوێ بکرێتەوە، و تێکڕای لەناوچوونی سالأنە زیاد بکرێت و تەمەنی ئابووری کەم بکرێتەوە.**

- **لەناوچوونی سەرمایە ( أهتلاك رأسمال ) یان ( أندثار ): -**

**کەمبوونەوەی بەهای سەرمایەی جێگیر لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوامی، لە کۆتایی پێویستی بە گۆڕین دەبێت، ئەم گۆڕینەش لە ڕێگەی ئەو پارانەوە دەکرێت کە تەرخان دەکرێت بۆ گەڕانەوەی بەهای ئەو ئامێرانەی کە هەن بە شێوەیەکی تدریجی.**

**واتە لەناوچوون (اهتلاك) تەرخان کردنی بڕێك پارەیە (لە دەستکەوت دەبڕێت) بۆ مەبەستی گەڕانەوەی بەهای لەناوچووی سەرمایە جێگیرەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.**

$$D = \frac{C-S}{N}$$

**D= بڕی قیستی اهتلاکی ساڵانە .**

**C = بەهای سەرەتایی .**

**S = بەهای (انقاض) .**

**N= تەمەنی ئابووری ئامێرەکە .**

**بەڵام تێکڕای (معدلی) لەناوچوون =** $\frac{1}{\text{تەمەنی ئابووری}} \times 100$ **یان** $\frac{1}{N} \times 100$

- **سەرمایەی بەکارخستن (Working capital):-**

**پێکهاتەی دووەمی سەرمایەیە لە پیشەسازی کە بۆ ماوەی یەکجار لە پرۆسەی بەرهەم هێنان بەکاردێت کە هەموو ئەو موادانە دەگرێتەوە کە بەهاکەیان دەگوازرێتەوە بۆ بەهای بەرهەم بە تەواوی و لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی بەرهەم هێنان یەك خول تەواو دەکەن.**

- **ئەو موادانە بە سێ قۆناغ تێدەپەڕن کە ئەمانەن:-**

1- **پارە دەگۆڕدرێت بۆ (سەرمایەی بەکارخستن) موادی کارکردن واتە پارە دەگۆڕدرێت بۆ پێداویستی شتومەکی و هێزی کار.**
2- **دەچێتە قۆناغی بەرهەم هێنان و دەگۆڕدرێت بۆ شتومەکی ئامادەکراو یان نیوە دروست کراو.**
3- **فرۆشتنی بەرهەم و دووبارە گۆڕینی بۆ پارە.**

## جیاوازی نێوان بەکاربردن و سوان

1 – بەکاربردن کەمبونەوەی یان لەناوچوونی بەشێك یان تەواوی بەهای بەکارهێنانی یان کەڵکی کالاَکانی وەبەرهێنانەکە لە کۆتایدا بەهاکەی کەم دەکات یان بە تەواوەتی لەناودەچێت ، بەڵام سوان پرۆسەیەکی ئابووریە مەبەست لێی گەرانەوەیبەهای لەناوچووی سەرمایەی جێگیرە لە ماوەی تەمەنە ئابووریەکەی .

2 – ئەو ئامێرانەی تێکچوون یان ماوەیەکە بەکارنەهاتوون یان لەژێر چاکردنەوەدان ئەمانە بەکاربردنی فیزیاوی نایانگرێتەوە (جگە لە کاریگەری هۆکاری سروشتی ) ، بەڵام پرۆسەی هەژمارکردنی سوان دەیانگرێتەوە ئەوەش بۆ ئەوەیە تاوەکو هانبدرێت بۆ دوبارە ئیشپێکردنیان وکورتکردنەوەی ماوەی چاکردنەوەیان وەهەروەها توشی بەکاربردنی تکنولۆجی نەبن .

3 – پرۆسەی بەکاربردن پێش پرۆسەی سوان دەبێت .

4 – بەکاربردنی فیزیاوی و تکنولۆجی بە شێوەیەکی یەکسان نابێت لە ماوەی سالێکدا یان لە ماوەی تەمەنی ئابووری سەرمایەی جێگیردا ، بەڵام سوان بە شێوەیەکی یەکسان هەژمار دەکرێت ساڵانە .

- ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر قەبارەی سەرمایەی بەکارخستن:-

أ- خولی بەرهەم هێنان: - هەرچەندە ماوەی بەرهەم هێنان درێژ بێت پێویستی بۆ سەرمایەی بەکارخستن زۆر دەبێت.

ب- بارودۆخی خواستی وەرزی: - کاتی خواست لەسەر بەرهەم وەرزی بێت خواست لەسەر سەرمایەی بەکارخستن زیاددەکات لە ماوەی ئەو وەرزانە.

ت- سیاسەتی کۆمپانیا: - سیاسەتی کۆمپانیا دەربارەی ماوەی ڕێپێدراوی بۆ دانەوەی قەرزەکانی بۆ کڕیارەکانی، هەرچەندە ماوەکە زۆر بێت ئەوا پێویستی بۆ سەرمایەی بەکارخستن زۆر دەبێت.

شیکردنەوەی سەرمایەی بەکارخستن بۆ پێکهاتەکانی گرنگی ئابووری هەیە، چونکە گۆڕانی گرنگی ڕێژەیی هەریەك لەو پێکهاتووانە حالەتی پرۆژەکە نیشان دەدات لە ڕووی بەرهەم هێنان یان بە بازار خستن.

**بۆ نموونە:** - ئەگەر ڕێژەی شتومەکی ئامادەکراو لە کۆگاکان زۆر بێت ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە لە ڕووی بە بازارخستنەوە کێشەی هەیە یان خواست کەم بۆتەوە یان بە پێی ئارەزووی بەکارهێن بەرهەم ناهێنێت (نرخی بەرزە یان جۆری خراپە)، کەواتە بەشێك لە سەرمایەی بەکارخستن بە دەست نایەتەوە. و هەروەها ئەگەر کەرستەی سەرەتایی (موادی ئەوەلی) لە کۆگاکانی زۆر بێت ئەمە مانای ئەوەیە کە کێشەی هاوردەکردنی هەیە یان کێشەی گواستنەوە یان ئیدارەی کڕینی خراپە.

**پێوەرەکانی لێهاتووی سەرمایەی بەکارخستن :-**

1- ڕێژەی سەرمایەی بەکارخستن بۆ پێوانە کراو = $\frac{\text{سەرمایەی بەکارخستنی فعلی}}{\text{سەرمایەی بەکارخستنی قیاسی}} \times 100$

هەرچەندە ئەم ڕێژەیە زۆر بێت بەڵگەیە بۆ زیادبوونی سەرمایەی بەکارخستنی کرداری (فعلی) بۆ پێوانەکراو (قیاسی)، کەواتە ئاستی لێهاتووی سەرمایەی بەکارخستن نزمە.

2- **تێکڕای خولانەوەی سەرمایەی بەکارخستن (معدل دوران رأسمال التشغيل):-**

تێکڕای سوڕانەوە بە ڕۆژانە (معدل دوران) = $\frac{\text{بەهای فرۆشتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو}}{\text{سەرمایەی بەکارخستن بۆ ئەو ماوەیە}}$

ئەنجامی دابەشکردن چەند زۆر بێت بەڵگەیە بۆ بەرزی خێرایی خولانەوەی سەرمایەی بەکارخستن و لێهاتوویی.

3- **بەرهەم داریەتی سەرمایەی بەکارخستن (أنتاجيه رأسمال التشغيل) :**

بەرهەمداری سەرمایەی بەکارخستن (أنتاجيه رأسمال التشغيل) = $\frac{\text{بەهای بەرهەمی ساڵانە}}{\text{سەرمایەی بەکارخستن}}$

ئەم پێوەرە بەهای بەرهەمی بەدیهێنراو لەهەر دینارێك کە خەرج دەکرێت لە سەرمایەی بەکارخستن نیشان دەدات، و هەرچەندە بەرز بێت ، لێهاتووی سەرمایەی بەکارخستن بەرزە.

4- **تێکڕای دەسهات لەسەر سەرمایەی بەکارخستن (معدل العائد على رأسمال التشغيلي): -**

معدل العائد على رأسمال التشغيلى = $\frac{\text{قازانجی ساڵانە}}{\text{سەرمایەی ئیشپێکراو}}$

هەرچەند زۆر بێت قازانجی سەرمایەی ئیشپێکراو بەرزە. و بۆ کەمکردنەوەی پێداویستی پیشەسازی بۆ سەرمایەی بەکارخستن و زیادکردنی خێرایی خولانەوەی سەرمایەی بەکارخستن دەبێت:-

أ- بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە بەرهەم هێنان.
ب- کەمکردنەوەی خەرجی یەکانی بەرهەم هێنان.
ت- باشکردنی ئیدارەی کرینەکان وە کەمکردنەوەی ماوەی رێپێدراو بۆ دانەوەی قەرزەکان بە دەربارەی کریارەکان.
پ- پێشخستنی پرۆسەی بە بازار خستن.
ج- هەولدان بۆ کەم کردنەوەی نرخی کەرەستە سەرەتاییەکان.
ح- نەهێشتنی کێشەو گرفت لە کاتی بەرهەم هێنان.
خ- زیادکردنی بەرهەم داریتی کار.